# جەژنی یەکی ئایار ، ڕۆژی سۆشیالیزمە!!

**سمير نوری**

هیچ کاتی وەك ئەم سەردەمە بەرهەم هێنان و تەکنەلۆژیاو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی گواستنەوەو پەیەوەندی گرتن و ڕاگەیاندن و زانست وزانیاری گەشەی نەکردووە و جیهان و گۆی زەوی وەك یەك لادی لێنەکردووە .هیچ وەختی بە قەد ئەمڕۆ بەرهەمهینانی سەرمایەداری و پەیوەندی کار و سەرمایە سەرتاپای دنیای دانەگرتووە و کونج و کەلەبەری ئەم دنیایەی نەکردوەتە گۆڕەپانی بەهەمهینانی قازانج و چەوسانەوەوی ملیار ملیار ئینسانی گۆی ئەم زەوی یەو زیدەبای لێدەرنەکێشاوە .

هیچ وەختی بە قەد ئەم سەردەمە چینەکان ئاوەها بە شەفافیەت و لێك جیانەبوونەتەوە و ناکۆکی چینایەتی و کێشمەکیش و بەرامبەرکێ ئەوەندەی ئەمڕۆ زەق و بەرچاو نەبووە .

بالاّ دەستی سەرمایەی جیهانی و بەتاییەت ئەمریکا و نەزمی نۆی جیهانیەکەی ، گۆی زەوی خستووەتە بەردەم ئافات و مەترسیەك کە دوور نیە هەموو گۆی زەوی تیاببەن . لە سایەی نەزمی نۆی جیهاندا دەیان کوانوی جەنگ لە سەراسەری دنیادا ئینسانەکان دەسوتێنی و تیادەبات، عێراق ، ئەفغانستان ، فلستین، سودان ، چیچان ...هتد بوون بە گۆڕەپانی جەنگ و لەشکرکێشی و تاقیگای چەکە کۆمەڵ کوژ بەکارنەهاتووەکان.

هەژاری و برسێتی ئەفەریقای داگرتووەو پەراسوی دەرپۆقیوی ئینسانە برسیەکانی ئەفەریقا مۆری نەفرەت و بێمانای و گەندەڵی سەرمایەداری دەیان جار بەگۆی دنیادا دەدا . ئینسانەکان دەستیان بە ڤاکسینی دژی ئایدز ناگات و لە کەتێکدا توانای بەرهەمهێنانی هەیە و لە دەسترەسدایە .بێکاری برسێتی نەك لە ولاّتانی ناسراو بە جیهانی سێهەم بەڵکو لە ئەمریکا مەرکەزی "دیموکراتیەت" جێی شانازی ڕۆشنفکرانی نە نەفام و سیاسە تمەدارانی بۆرجوازی جیهانیە مەترسیەك و مۆتەکەیەکە میوانی هەموو ئێوارەی ماڵی کرێکارانە.

درێژ کردنەوەی سەعاتی کار کەم کردنەوەی کری ، نائەمنی شۆێنی کار ، لێسەندنەوەی بیمە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکان ، سیمای ئەم سەردەمەیە نەك لە ولاّتانی کاول و وێرانەی ناسراو بە ولاّتە دواکەوتووکان بەڵکو لە دڵی ولاّتە غەربیەکاندا ئیتر بووە بە تایبە تمەندی ئەم سەردەمە .

گەراندنەوەی ژنان بۆ کونجی ماڵەوە حساب بۆ نەکردنیان وەك کرێکاری بێکار و لە گۆرباتژۆف وتاتچەر و یوحنا پۆلسی دوومەوە دەستی پێکردووەو ئەم ڕەوەندە درێژەی هەیە ، سەرنجامەکەی بووەتە ڕوو لە زیادبوونی توند و تیژی لە دژی ژنان لە سەتاپای جیهاندا و ئەو ئامارانەی کە باسی توندی تیژی دەکەن لە دژی ژنان لە ئەمەریکا زەنگێکیکی خەترە بۆ سەر سەرجەم ژنانی دنیا .

بە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین و یەکیتی شورەوی کۆن و بەتاییەتی دوای یانزەی سپتەمبر کۆنە پەرستی بەشکلێك پەرەی گرتووە، ئەوەی دەیان ساڵە لە مۆزەخانەدا دانراوە و ڕەوەندی خەباتی شۆڕشگێرانەی چەند نەوە خستویەتیە کەنارەو بەشەریەتی لێ قوتارکردبوو ، ئەمڕو بۆرجوازی ئەمەریکی و بەتاییەت باڵی ڕاستڕەوە تازەکان لە گۆڕستان و لە کێوەکانی ئەفغانستان و کوردستان و لە کونجی مزگەوت و کەنیسەکانەوە دەیانهێنێتە دەرەوەو لە سەر کورسی دەسەلاّت دایان دەنیشێنی و چارەنووسی بەشەریەتیان دەداتە دەست.

سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و بالاّ دەست پەیدا کردنی و برەو پەیدا کردنی ناسیۆنالیزمی کوێر و تایەفەگەری و دابەش کردنی خەڵك لە سەر ئەساسی دین ونەتەوەو مەزهەبە جیاجیاکان و پێناسە کردنی خەڵك لە سەر ئەساسی دین و قەوم قەبیلە، سەرنجامەکەی قەتڵ و عام کردنی خەڵك لە ڕێگای شەری ئەم تیرەو دین وقەوم وقەبیلانەوە ، ڕاوەندە و دارفۆر و بوسنە هرسك و شەری کورد عەرەب و شیعەو سونە بەرهەمی ڕاستەو خۆی ئەم سیاسەتە چەوت و ڕاستڕەو و بێ ئاسۆیەی بورجوازی جیهانی و نەزمە نۆێ جیهانیەکەیەتی .

ئیتر بوارێك نەماوەتەوە" یان سۆشیالیزم یان بەربەریەتی سەرمایەداری" ، سەرمایەداری دەمێکە دواین فیشەکی خۆی تەقاندوە ڕووەو پێش ، دەمێکە گەندەڵی و گیاندانی دەست پێکردوە ، ئەگەر شۆڕشی ئوکتۆبەر شکستی نەخوادایە و مەشخەلاّنەکەی بەرداوام بوایە ئیستا بەشەریەت لە جیگایەکی تر دە بوو . ئەگەر کرێکار ئەسیری دەستی ڕەوەندە ڕاستڕەوە بەناو سۆشیالستەکان نەبووایە ئەوە ئەو دەیان شۆڕشەی لەماوەی ئەم سەدەیەدا بەڕێی خستبوو ئیستا سەرمایەداری لە بن هێنا بوو .

چینی کرێکار و بەشەریەت ڕێگای سێیەمیان لە بەردەم نی یە تا هەڵیبژێرن یا ئەم بەربەرەیەتە یان سۆشیالیزم ورزگاری کۆتای بەشەریەت لەدەست زوڵم، و دامەزراندنی دنیایەکی ئازاد ویەکسان رزگاری گشت بەشەریەت .

یەکی ئایار مارشی ئەم چینەیە کە دەتوانی دنیا هەڵگێرێتەوە و لە سەر قاچی ڕایوەستێنی ، یەکی ئایار ئەوە پێشان دەدات هیزی ئەم چینە چەندە بەرین و فراوانە ، ئەوە پێشان دەدات کە هەموو ڕەوڕەوەی ژیان و بەرهەمهێنان ئەم دەیچەرخێنی دەتوانی ڕاییگرێ ئەگەر ئبرادە بکات

.تەنها ئەم چینە لە بەرژەوەندیتی دنیایەکی ئازاد و بێچەوسانەوە دا بمەزرێنێ ، و ئازدی واقعی و خەلاقیەتی ئینسان زامن بکات . ئەوەش بە دەستەوە گرتنی ئالآی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیومی کرێکاری کە هەمان کۆمۆنیومی مارکسە بۆ ئەم سەردەمە .

کۆمۆنیزمێك کە سۆشیالیزم بە واقعی دەزانێ هەر بۆ ئەمڕۆ نەك بۆ سبەی ، لە ژێر هیچ بڕو بیانویەکدا ئەم ستراتیجەی خۆی دوا ناخات .

یەکی ئایار چەژنی چینێکی جیهانیە ئامانجەکانی و دەسکەوتەکانی جیهان داگرە ، جیاوازە لە گشت بۆنە قەومی دینیکان و ڕێك بە پێچەوانەی ئەوانەوە ناسنامەیی ئینسانی و بە پیرۆز زانینی ئینسان دەکاتە سونەت و جێی دەخات ، مەدەنیەت و سکۆلاریزم و ئامانجی ئەم چینەیە بە دژی سەرمایەداری کە بەربەریەت ئالآکەیەتی ، مەدەنیەت و سکۆلاریزم بەم چینەو و سۆشیالیزمەکەی ئەم ئیمکانی هەیە و تەنها بەم دەکرێ نەك بە هێچ هێزێکی چینایەتی و سیاسی تر ، ئەوەی بیەوێ ئەمڕۆ سکۆلار و لایەنگلاری مەدەنیەت بێت دەبێ بێتە ژێر ئالآی ئەم سۆشیالیزمەوە .

کرێکارانی عێراق سەرەڕای ئەوەی پشتیان چەماوەتەوە لە ژێر باری چەند دەیە جەنگ و ئیستبدای بەعس و و ئابلۆقەی ئابووری دا، ئێستاش کەوتوونە ناو وەزعیەتی سیناریۆیی ڕەش و شەڕی دوو بەرەی کۆنەپەرست، تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و پاشماوەکانی بەعس و برەو پەیدا کردنی شۆڤێترمی قەومی و تایەفەگەری و ئیسلامیەکان و کۆمەڵگە بەتەواوی لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە و مەدنیەت و سکۆلاریزم دابین کردنی ئاسیش و لانی کەمی ریفاه بووەتە سەر لەوحەی داواکاریەکانی جەماوەری بەرینی خەڵك .

کۆتایی هێنانی ئەم وەزعیەتە لەدەستی چینی کرێکار و سۆشیالیزمی ئەم چینەدایە و مەدنیەت و سکۆلاریزم لە عێراقدا تەنها لەم ڕێگایەوە تەحقیق دەبێت نە هیچ هێزێکی بورژوازی لایەنگری مەدنیەتەو نە پێیان دەکرێت. خەریك کردنی چینی کرێکارو خەڵکی عێراق بە پرۆژەی ناوەڕۆك بەتاڵەوە خۆی زەربەدانە لە پرۆسەی تەحقیقی مەدەنیەت و سکۆلاریزم ، بەغەیری سۆشیالستەکان کەسی تر لایەنگری سکۆلاریزم و مەدەنیەت نی یە لە عێراقدا، ئالآی مەدەنیەت و سکۆلاریزم بەدەستی سۆشیالستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاریەوەیە هەر کەسێ بیەوێ لەم مەیدانەدا کار بکات دەبێ هەژموونی سۆشیالستی قبووڵ بکات . یەکی ئایار دەتوانی سەرەتایەك بێت لە عێراق دا بۆ شکڵ گرتنی ئەم بزووتنەوەیەو کۆتایی هێنان بەم بەربەریەتە .